توێژینەوە




# ڕۆمان و جەنگی نێوان مێژوو و یادەوەری

## دەربارەی ڕۆمانی «نیشتمانی سارا»ی میران ئەبراهام

پێشڕەو محەمەد

ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
jineftin.krd

توێژینەوە

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

١

## سەرهەڵدانی ڕۆمان:

بۆ ڕۆمان لە زمانی کوردیدا بە درەنگەوە سەرهەڵدەدات؟ لە سەدەی هەژدەدا ڕۆمان لە ئەورووپا سەرهەڵدەدات، بەڵام لە هەمان سەدەدا ئێمە ڕۆمانی چینییمان نییە؟ هۆکارەکەی چییە؟ زۆربەی ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدە حیکایەتی سەرکێشیی، پاڵەوانپەرستیی و هتدن، بەڵام لە هەمان سەدەدا ئێستاتیکا لە ئەورووپا سەرهەڵنادات. ڕۆمانی کوردیی بە فۆرم و ناوەڕۆکە سادەکەیەوە، لە سەردەمی ئینتیدابی بریتانییدا سەرهەڵدەدات، ئەمەش ئەو تێزەی واڵتەر بنیامین لە وتاری «حیکایەتخوان: چەند ڕامانێک دەربارەی نیکۆلای لیسکۆف»دا پشتڕاست دەکاتەوە کە سەرهەڵدانی ڕۆمان دەبەستێتەوە بە سەرهەڵدانی ئامرازەکانی چاپەوە. ئینگلیزەکان کە چاپخانەیان هێنایە سلێمانی، دەرفەتی سەرهەڵدانی ڕۆمانیان ڕەخساند، لەنێو ڕۆمانە کلاسیکەکاندا دەتوانین ناوی «لە خەوما»ی جەمیل سائیب و «مەسەلەی ویژدان»ی ئەحمەد موختار جاف بهێنین.

ڕۆمان بەرهەمی سەردەمی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بۆرژوازییە لە مەیدانی هونەر و کولتووردا، واتا بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیتەیە. هەڵبەت بەو مانایە نایەت تەنها بۆرژوازیی دەتوانێت ڕۆمان بنووسێت، بەڵکو بەو مانایە بۆرژوازیی ڕۆمان دەکرێت و پروپاگەندەی زیاتری بۆ دەکات. بەڵام کاتێك سایکۆلۆژیا سەرهەڵدەدات، لە پاڵیشیدا، سایکۆئەنالیسس (دەروونشیکاریی)، ئیتر بۆرژوازی هەموو جوڵە و ئەندامە موقەدەسەکانی خۆی لە دەستدەدات، چونکە دەروونشیکاریی ئیتر دەچێتە ناو ناخودئاگا (لاشعوور)ی موقەدەسی خێزانی موقەدەسی بۆرژوازییەوە. لەم ڕووەوە ڕۆمان بە گشتی بەرهەمی سەردەمی زانیارییە (information)، بەرهەمی سەردەمی گەشەی جۆرنالیزمە. کۆتایی سەردەمی حیکایەتخوانیی و گواستنەوەی حیکمەتەکانە. کۆتایی سەردەمی حەماسەیە. کۆتایی سەردەمی کاری پێکەوەیی و دەستەجەمعییە، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەردانییەتی گۆشەگیرە (کە بۆرژوازیی لە ڕێگای باڵادەستیی بەسەر هێزی کار و نامۆکردنی هێزی کار و ئینسان و سروشت بەرهەمی هێناوە و بانگەشەی بۆ دەکات). ڕۆماننووسان هەمیشە بۆ ئەوەی ببن بە ڕۆماننووس، دەبێت خەرمانەیەکی موقەدەسی زێڕین بە دەوری خۆیاندا بکێشن: فەردانییەتی گۆشەگیر. واتا فەردانییەتی گۆشەگیر بەهەشتی لەدایکبوونی ڕۆمانە، کە چیتر ناتوانێت خۆی لە ڕێگای پێدانی نموونە بەرجەستەکانەوە

دەربېڕێت. بۆیە بۆ نووسینی ڕۆمانێك پێویستت بە ئاڵۆزکردن، فراوانکردنی وەسفی ژینگە و سروشت و گەشەدان بە ناکۆکییەکان لە فۆرمە ڕووت و ئەبستراکتەکاندا هەیە. تا ئێرە لەگەڵ زیاتر گەشەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە کوردستان و زیاتر بوونی بە بەشێک لە بازاڕی جیهانی، زۆرینەی ڕۆماننووسان لەگەڵ زیاتر گەشەدان بە تەکنیکەکانی ڕۆمان، بەڵام لەم بازنەیەدا دەخولێنەوە. ڕۆمان وەک نواندنەوەیەکی تاکایەتیی موتڵەق و دوور لە هەموو پەیوەندیی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سیاسیی و کولتوورییەکان. هەڵبەت دیسان ئەمەش بەو مانایە نایەت لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ڕۆماننووسی دیکە بوونیان نەبێت کە هەوڵی تێکشکاندنی ئەم بازنە داسەپاوە دەدەن.

لۆکاچ لە کتێبی "***تیۆری ڕۆمان***"دا شیعری داستانی وەك دەرکەوتن و دەربڕینی فۆرماڵی گشتێتی (totality) و ڕۆمان وەك فۆرمێکی هونەریی سەردەمی مۆدێرن دەبینێت، سەردەمێك کە بریتییە لە "بێماڵییەکی بالانشین". ئەگەرچی لۆکاچ لەم قۆناغەدا ڕۆمانتیکێکی دژەسەرمایەدارییە تا سۆسیالیستێك، و لەم گۆشەنیگایەشەوە حەسرەتی سەردەمی لەدەستچووی کۆمەڵگای یۆنانی دەخوات؛ ئەم لەدەستچوونە، ڕۆمان شوێنەکەی پڕ کردۆتەوە، بەڵام لۆکاچی سۆسیالیست ڕۆمانی ڕیالیستیی وەك سەنتێزێك دەبینێت، کە دەیەوێت لەنێوان فۆرمێکی نوێی هونەری (ڕۆمان) و حەماسە، یاخود چامەی داستانی دابمەزرێت. ئەگەرچی بنیامین پشت بە "تیۆری ڕۆمان" لە وتاری "حیکایەتخوان"دا دەبەستێت، بەڵام بەدوای بەهەشتی لەدەستچووودا ناگەڕێت، وەك پێشتر بینیمان و دواتریش زیاتر هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت. وەك خۆی لە نامەیەکیدا بۆ ***گێرشەم شۆلە***م ئاماژەی پێ دەکات، دەیەوێت "تیۆرەیەکی نوێ بۆ ڕۆمان" نەك تیۆری ڕۆمان، بەدەستەوە بدات، بەڵام نزیك و بەسوود وەرگرتن لە لۆکاچ. بنیامین لە تیۆرەکەیدا، کە بەگوێرەی مۆدێلی لۆکاچ دارێژراوە، بە شێوەیەکی مێژوویی و سیستەماتیك پێگەی فۆرمی حیکایەت دەخاتە نێوان داستان و ڕۆمانەوە، هەردوو جەمسەرەکە پێشتر لە لایەن لۆکاچەوە دامەزرێنرابوون. لای بنیامین، حیکایەتخوانیی، "بە گشتی فۆرمێکی شێوە پیشەگەریی پەیوەندیگرتن" پیشان دەدات. ئەمەش پێش هەموو شتێك واتا حیکایەت دەبەسترێتەوە بە کۆمەڵگای پێش-پیشەسازییەوە، بە ژیانی جووتیاران، پیشەگەران و بازرگانانەوە – کە دواتر باسی دەکەم. ئەمە واتا، وەك ***بێرن فیتە*** باسی دەکات، چیرۆکەکان خۆیان خاوەنی یەکسانیی هونەری دەستین[1]: ئەوان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەستاودەست دەکەن، وەك

[1]Bernd Witte, ‘Benjamin and Lukács. Historical Notes on the Relationship Between Their Political and Aesthetic Theories’, New German Critique, 5, 1975, p.19.

چۆن هونەرێکی دەســـتی لە نەوەیەکەوە فێری نەوەیەکی دیکە دەکرێـت و دەگوازرێتەوە. ڕۆماننووس زیاتر سەر بە سیستەمی پیشەسازییە نەك هونەری دەستی، فەردانییە، نەك کۆیی، توانای گواستنەوەی ئەزموونی خۆی نییە بۆ خوێنەرەکانی. ڕۆماننووس، وەك پێشتر باس کرا، بەگوێرەی ڕێسا چەسپیوەکان کار دەکات و ناجوڵێت. لە سەردەمی نوێدا، چەند ڕۆماننووسێك ویستیان گۆڕان بەسەر سیستەمی ڕۆماندا بهێنن، لەوانە گۆتە، بەڵام هەموویان دەبوو دەستکاری فۆرمی ڕۆمان بکەن. تەنها کافکا ئاوارتەیە و لەم ڕێسـایە دەردەچێت. بەگوێرەی بنیامین، کافکا تەنها حیکایەتخوانی ســـەردەمی مۆدێرنە. نیشـــانەی ســـەردەمی نوێش، بە زاراوەکانی بنیامین بریتییە لە "ســـەرهەڵدانی ڕۆمان لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی مۆدێرندا". بەپیشـەسـازییبوون بە تەنها وردە وردە لە ڕێگای گۆڕینی پیشـــەکاران و جووتیارانەوە بۆ نێو گرووپە کۆمەڵایەتییە پەراوێزخراوەکـانەوە پێشـــمەرجە کۆمەڵایەتییەکـانی بۆ حیکـایەتخوانی لەنـاو نەبرد، بەڵکو هەروەها لە هەمان کاتدا پێشمەرجە تەکنیکییەکانی بۆ ژانرێکی داستانیی نوێ هێنایە ئاراوە، کە ڕۆمان بوو. "ئەوە تەنها داهێنانی چاپەمەنی بوو ڕێگای بۆ ســـەرهەڵدانی ڕۆمان خۆشـــکرد". ســـەرهەڵـدانی چینی نوێ و هـاوکـات بەشـــۆڕشـــگێریی بوونی تەکنیکەکـانی دووبـارە بەرهەمهێنانەوەی ســـەر بەو چینە، لای بنیامین، کۆمەڵە مەرجێکن کە ڕێگا بۆ فۆرمێکی نوێی حەماسەی داستانی خۆش دەکەن. ئەگەر سەرمایەداریی خەڵکان لە کۆت و بەندی زەوی ڕزگار بکات و بیانکاتە کاری کرێگرتە و وایان لێ بکات بەگوێرەی ڕێســـاکانی ئامێر لە کارگەیەکدا کار بکەن، ئەوا ڕۆمانیش وەك بەرهەمێکی ســـەردەمی ســـەرمایەداری، خوێنەر بەگوێرەی ڕێســـاکانی پاڵەوان دەســـتنیشـــان دەکات و وەك چۆن کرێکارێك لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە لە ڕێگای ئامێردا توانای دەستکاریکردنی ڕێسـاکان و دیاریکردنی چارەنووسـی ئامێرەکەی نییە، ئەوا خوێنەری ڕۆمانیش ناتوانێت هەم پێشبینیی چارەنووسـی پاڵەوانەکەی بکات هەمیش دەبێت سەرجەمی ڕێسا لەپێشەوە دیاریکراوەکان قبوڵ بکات.

بەگوێرەی ئەو تێزانەی لەســـەرەوە باســـکران، ڕۆمـانی کوردی لە جەنگەڵەکـانی نەریتی کلاسـیکیی ڕۆماندا دەخولێتەوە. زۆربەی ڕۆمانی نوێی کوردییش لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە کە پاڵەوانەکەی بڕیار لە چارەنووسـی خوێنەر دەدات، چونکە زۆربەی ڕۆماننووسـان باوەڕیان بە چارەنووسـێکی لەپێشـدا دیاریکراو هەیە کە سـەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شـەیدابوونە بە ئـامرازەکـانی بەرهەمهێنـانی بۆرژوازی. ئەگەر ئـاوڕێـک لە تێمـا و نـاوەڕۆکەکـانی ڕۆمـانی کوردی بدەینەوە دەکەوینە بەردەم کێشەی فۆرم و ناوەڕۆک، زۆربەی ڕۆمانی کوردی، عاشقی فۆرمە و نەریتی پۆســـتمۆدێرنیســـتی بێ ناوەڕۆکی کردووە بە بەهەشـــتی گێڕانەوە، بەڵام لە

هەمان کاتدا کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی لە پاڵەوانەکانی باردەکات، کە نە خوێنەر بۆی هەڵدەگیرێت نە پاڵەوانیش توانای ئەنجامدانی هەیە. هەروەها زۆربەی پاڵەوانەکانی ڕۆمانی کوردی، لەنێو پێگە بەرزەکانی کۆمەڵگاوە هاتوون کە زۆربەیان لە واقیعی کۆمەڵایەتییدا بوونیان نییە، وەک پرۆفیسۆر، فەیلەسوف، دەروونشیکار، ئەریستۆکرات و بە کورتی، زۆربەی پاڵەوانەکانی ڕۆمانی کوردی، لە پێگەیەکی سەروو مرۆییەوە دەوەستن: دەیانەوێت بەرزەمرۆڤی نیچە وەربگێرنە سەر فیگوری پاڵەوان لەناو ڕۆمانی کوردیدا تا لە دوا دەرەنجامی لۆژیکییدا وێنەی خۆیان وەک ڕۆماننووس بەسەر خوێنەردا بسەپێنن. ڕۆماننووس دیکتاتۆرە و وەک کۆیلە سەیری خوێنەر دەکات. بەڵام ڕەوتی نووسینی ڕۆمانی کوردی لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە: فیگورەکانی پەنابەر (لەدەرەوەی ڕۆمانتیزەکردن یان زەلیل نیشاندان)، هۆمۆسێکسوال، هەژار، دەربەدەر، فیگوری گەمژە، لەسەنتەرخستنی پاڵەوان و دواجار هەڵدانەوە و زەقکردنەوەی فیگوری جوو، نموونەی تازەی ناو ڕۆمانی کوردین. لەم ڕووەوە ئەم مۆدێلەی ڕۆمان دەکرێت وەک دابڕان لە مۆدێلی باوی پێشوو دابنرێت. ئایا ئەبراهام و چەندانێکی دیکە دەکرێت وەک دابڕان سەیربکرێن. جارێک تۆلستۆی گوتبووی «پێم سەیرە ڕووسەکان دۆستۆیڤسکی دەخوێننەوە، لە کاتێکدا ئێمە نیکۆلای لیسکۆڤمان هەیە». ئەگەر ئەم وتەیەی تۆلستۆی ئاوا لێ بکەین: «بۆ کوردەکان تەنها ئەو نەوەیەی ڕۆمانی کوردی دەخوێننەوە کە لەسەرەوە باسمان کرد، لە کاتێکدا ئێمە ئەو قۆناغە وا تێدەپەڕێنین؟» ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە لە خودی دەستپێکی ئەم نووسینەدا بدۆزنەوە، چونکە تا ئێستا خاڵ و هۆکاری سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی بە باشی دیاری نەکراوە. ئەم نووسینە لەو پەیوەندییەدا هەڵوەستە لەسەر ڕۆمانی «نیشتمانی سارا»ی میران ئەبراهام دەکات.

## ٢

## پرسی جوو:

بە گشتی فۆرمێکی ڕۆمان دابەش دەبێتە سەر نەریتی گێڕانەوە و نەریتی ئاڵۆزی: واتا مێژوو و تیۆر. لە نەریتی گێڕانەوەدا مێژوو باڵادەستە و لە نەریتی ئاڵۆزیشدا تیۆر. بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردی کە هەوڵی بە فەلسەفیکردنی پاڵەوانەکەی دەدات، دەیەوێت بچێتە ناو برگەی ئاڵۆزییەوە، بەڵام نەریتی گێڕانەوە هەمیشە بەسەر نەریتی ئاڵۆزییدا باڵادەستە، بەوەدا چونکە زۆربەی کات ڕۆماننووس هێڵی گێڕانەوەی پاڵەوان باڵادەست دەکات و لەو ڕووەشەوە کە

دەیەوێت پاڵەوان لە واقیعی کۆمەڵایەتی دابڕێت، دەیەوێت پێگەی بۆ تیۆرەیەکی ڕووت بەرز بکاتەوە. ڕۆمانی «نیشتمانی سارا» لەنێوان مێژوو و یادەوەریدا دێت و دەچێت، مێژوو وەک نەریتی گێڕانەوە و یادەوەری، وەک نەریتی بونیادنانی تیۆر. مادام تێمای ڕۆمانەکە پرسی جووە، ڕۆماننووس ناتوانێت خۆی لە قەرەی هەردووکیان نەدات، بەڵام دەبێت وریا بێت لەوەی پێی نەخزێتە ناو مێژووەوە، واتا مێژوونووسییەوە، چونکە هەمیشە مێژوونووس خیانەت لە چەمکی یادەوەری دەکات. لێرەدا بۆ ئەوەی نموونەکەم ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدا بە ڕۆمانەکەی ئەبراهامەوە ڕوون بکەمەوە، کە پەیوەندی بە هەمان تێماوە هەیە، دەگەڕێمەوە سەر نەریتی نووسینەوەی مێژوو و گێڕانەوەی یادەوەریی پرسی جوو.

لەنێوان جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆتایی دەیەی ١٩٨٠دا ئێمە ئەو سەدەیمان تێپەڕاند کە **ئەریک هۆبزباوم** پێی دەگوت «سەدەی بیستی ماوەکورت» (١٩١٤-١٩٩١)، ئەم سەدە ماوەکورتە کە دوو جەنگی جیهانی، چەندین جینۆساید: ئەرمەن، جوو، کورد، ڕواندا، سرب و بۆسنیا، و هەروەها جۆرەکانی دیکەی توندوتیژیی سیاسی کە لانیکەم بە تێچوونی ١٨٧ ملیۆن قوربانی، کۆتایی پێهات. سەدەی بیستی ماوەکورت دووبارە ئەو تێزەی دیکەی بنیامین لە «تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژوو» (١٩٤٠)دا پشتڕاست دەکاتەوە کە دەیگوت: «هیچ بەڵگەیەک لەسەر شارستانێتی بوونی نییە لە هەمان کاتدا بەڵگە نەبێت لەسەر بەربەریزم و وەحشیگەری». هەموو ئەو تاوانە ناوبراوانە لەناو دڵی پێشکەوتووترین سەردەمی مێژوویی تەکنەلۆژیا و کولتووری مرۆییدا سەریانهەڵدا. لە کەمپەکانی «داخاو، ماریادنێک، ماوتهاوزن، ئاوشڤیتزی یەک و هتد» کاتێک نازییەکان جووەکانیان بە کاری قورس تا سەرەمەرگ ناچارکردبوو، ئەفسەرە پلەباڵاکان لە کاتی سووتاندنی جووەکاندا و خنکاندنیان بە تازەترین پێشکەوتنی زانستی کیمیایی، گوێیان لە مۆتزارت و ڕیچارد ڤاگنەر دەگرت.

هێڵی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی ***میران ئەبراهام*** لەسەر هەمان تەریب و پاراڵێل دەڕوات، قەیران و کارەساتی جووەکانی کوردستان و عێراق بە دابڕاو نازانێت لە هەمان ئەو قەیرانەی لەناو دڵی پێشکەوتووترین سیستەمی کولتووری و شارستانێتیی ئابووریی و تەکنەلۆژییەوە سەری هەڵدابوو. ئەگەرچی ئەبراهام هەوڵدەدات سەرەڕای بە «تاقانەیی کێشەی جوو» نیشان بدات، بەڵام هێشتا بەهۆی زۆرترین خەختکردنەوەی لەسەر نیشتمانی سارا دەیەوێت هاوکات ئەم کێشەیە تەریب بکاتەوە لەگەڵ کێشەی کورددا. هەم ڕاستی و هەمیش کێشە لەم نەریتی گێڕانەوەیەدا هەیە. کێشەی جوو تاقانەترە لە کێشەی کورد، بەڵام هاوکات کێشەی کوردیش خۆی لە ناوچەکە بڕێکی زۆر تاقانەیی بەردەکەوێت. هەردووڵا هەم کورد و هەم جوو

کەوتوونەتە بەردەم قڕکردنەوە، بەڵام قڕکردنی جوو لە سەردەمی نازییەکاندا و بەیۆلۆژییکردنی ڕاسیزم، کارێک بوو هیچ کات ئەوانەی هەوڵی قڕکردنی کوردیان داوە، بیریان لێ نەکردۆتەوە. نازیزم دەیویست سەرجەمی جوو لەناو بەرێت. هەڵبەت سەرەتا بە سێ قۆناغدا تێپەڕدەبێت: قۆناغی یەکەم بە داگیرکردنی پۆڵەندا دەست پێ دەکات و بە کردنەوەی گیتۆی وارشۆ (ڤارشاو) دەست پێ دەکات کە هیتلەر و نازیزم دەیانەوێت سەرجەمی جووەکانی ئەورووپا لەو گیتۆیەدا نیشتەجێ بکەن، ئەم قۆناغە ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە، لەوانە کێشەی سەرهەڵدانی تاعون و پەتاکانی دیکە لەناو گیتۆکەدا، بێ شوێنی، ناچاربوون بە دابینکردنی خۆراک، ترسی کۆمەڵگای پۆڵەندیی و دواجار یاخیبوونی ناو جووەکان، زەروورەتی قۆناغی دووەم لە ١٩٤١ بە پڕۆژەی باربارۆسا یان هێرش بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیێت لە لایەن نازییەکانەوە دێتە ئاراوە، چونکە پێیانوابوو بە داگیرکردنی خاکی بەرفراوانی ڕووسیا دەتوانن هەموو جوو و سلاڤەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات لەوێ نیشتەجێ بکەن و دەست بکەن بە بەئەڵمانیکردنی ناوچە داگیرکراوەکان، دوای شکستی هێرش بۆ سەر ڕووسیا، زەروورەتی قۆناغی سێیەم دێتە ئاراوە کە لە مێژوودا بە «دوایین چارەسەر» (Endlösung) یاخود «چارەسەری دوایی پرسی جوو» (Endlösung der Judenfrage) ناسراوە. واتا قڕکردنی یەکجارەکیی سەرجەمی جووەکان بە منداڵ، ژنان و پیاوانەوە. ئامادەکردنی ژوورەکانی خنکاندن و پاشان سووتاندنیان لە کورەکاندا.

سێ جار جووەکان ڕزگاریان بووە: یەک لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیی ١٧٨٩دا، کە مافی هاوولاتیبوون بە جوو دەبەخشێت، بەڵام چیتر نابێت خۆی وەک جوو ببینێت بەڵکو وەک هاوولاتی، لە جەنگی ناپۆلیۆنیدا و بردنی ئەم ڕێسایانە و سەپاندنی بەسەر ئەڵمانیای پرووسیادا، جوو بە مەرجی توانەوەی لەناو مەسیحییەتدا دەتوانێت وەک هاوولاتی بژیت، جاری دووەم بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، کە نەک هەر جووەکان ڕزگار دەبن بەڵکو ڕابەرانی شۆڕشەکە خۆیان جوو بوون، لە لینینەوە بۆ ترۆتسکی (ترۆتسکی نموونەی بەرجەستەبوونی ئەنتەرناسیۆنالیزمی ڕۆشنگەرییە) و جاری سێیەم کۆماری ڤایمار لە ١٩٢٩-١٩٣٣، لەوێدا دەرفەتی بەشداریکردنی جوو لە ئەڵمانیا لە مەیدانی کولتوور و سیاسەتدا دەرەخسێنرێت. بەڵام ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی و ڕادیکاڵیزەبوونی بۆ نێوم نازیزم نەک تەنها دەرفەت بەوە نادات جوو بە خواستی خۆی واز لە شوناسەکەی بهێنێت و هاوولاتیبوونی ئەڵمانی بە مەسیحییەتەوە قبوڵ بکات، بەڵکو لە دەوڵەت و شووناس دادەماڵرێت، سەرەتا ڕووت دەکرێتەوە بۆ کاری زۆرەملێ، پاشان بڕیاری قڕکردنی سەرتاسەری. هیتلەر دەیویست یەک جوو بە ژن و منداڵ و پیاوەوە

نەمێنێت. وەک مێژوونووسی ئەڵمانی، ***ئیبەرهارد یێکل*** لەسەروبەندی «مشتومڕی مێژوونووسان» لە دەیەی ١٩٨٠ لە ئەڵمانیا دژی ئێرنست نۆڵتە، دیارترین مێژوونووسی کۆنزەرڤاتیڤی ئەڵمانی کە دەیویست کوشتاری جووەکان وەک شتێکی لاوەکی ببینێت[٢]، ئاماژەی پێ کردووە:

> *«کوشتنی جووەکان لەلایەن نازییەکانەوە، شتێکی تاقانە (einzigartig) بووە، چونکە هیچ کاتێک پێشتر دەوڵەتێک لەژێر دەسەڵاتی باڵاترین رابەریدا بڕیاری نەداوە و ڕاینەگەیاندووە کە دەبێت گرووپێکی تایبەتی مرۆیی قڕ بکرێت، تا ئەو شوێنەی ڕێی تێدەچێت بە تەواویی قڕ بکرێت، بە خەڵکانی بەساڵاچوو، ژنان، منداڵان و مەلۆتکە و تازە لەدایکبووانەوە؛ بڕیارێک کە ئەم دەوڵەتە بە هەموو ئامرازەکانی بەردەستی، دەست دەکات بە جێبەجێکردنی».* [٣]

ئەمە ئەو شتەیە پرسی جوو دەکاتە پرسێکی تاقانە و جیای دەکاتەوە لە هەموو کێشەکانی دیکە. ئەوە ڕاستە کە کوردەکانیش هەمیشە کەوتوونەتە بەردەم قڕکردنەوە، دیارترین نموونەش کە نزیکی دەکاتەوە لە پرسی جوو، «ئەنفال»ە کە بە هەمان شێوە ژن و منداڵ و پیر و پیاو و تەنانەت تازە لەدایکبووش بەر شاڵاوەکان دەکەون، بەڵام هیچ کاتێک هیچ ڕژێمێک بڕیاری نەداوە کۆی کورد بە تەواوی قڕ بکات. ئەبراهام لەوەدا دروست ئەم پەیوەندییە دادەمەزرێنێت کە نیشانی دەدات ڕاستە جوو و کورد هەردووکیان قوربانین، دەبێت یەک بگرن، کاتێک «خایم» و هاوڕێکانی هەوڵی زیندووکردنەوەی «پارتی خەڵتووز» دەدەن و نەک بە شێوە نەریتییەکە وەک پارتێک تەنها بۆ جووەکان بەڵکو هەروەها بۆ سەرجەمی چەوساوە و سەرکوتکراوان، بە کورد و جوو و مەسیحییەکانەوە و لە خەونی سالاریشدا بۆ بوون بە کۆمۆنیست و پەیوەندیکردن بە کۆمەڵەوە. بەڵام بەوەدا کە ***میران ئەبراهام*** جوو هەرگیز وەک

---

[٢]ئێرنست نۆڵتە بە دیارترین مێژوونووسی سەدەی نۆزدە و مێژوونووسی نازیزم دادەنرێت لە ئەڵمانیا کە پاشان لەلایەن هابەرماس و زۆربەی بیرمەندان و مێژوونووسانی دونیاوە وەک پاساودەرێک بۆ نازیزم و ئاساییکردنەوەی ڕابردووی نازیزم تۆمەتبار کرا تا کار گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٩ ئۆتۆمبێلەکەی بتەقێننەوە و هەروەها بایکۆتی خوێندکارانی زانکۆی بەرلین بەوەدا کە دەبێت وانەگوتنەوەی لێ قەدەغە بکرێت. ئەمڕۆ نۆڵتە وەک کۆنزەرڤاتیڤترین و دیارترین مێژوونووسی لایەنگری ناڕاستەوخۆی نازیزم لە قەڵەم دەدرێت، و شایانی باسە نۆڵتە خوێندکاری مارتین هایدیگەر بوو. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر نۆڵتە و کاریگەریی لەسەر فاشیزمی نوێی ئەڵمانی لە سەدەی ٢١دا بگەڕێنەوە بۆ وتارێکی من بە زمانی ئینگلیزی:
Peshraw Mohammed, Ernst Nolte, the Holocaust and the AfD
https://www.theleftberlin.com/post/ernst-nolte-the-holocaust-and-the-afd

[3]Eberhard Jäckel, ed.,'Die elende Praxis der Untersteller',in: 'Historikerstreit': Die Dokumentation über die Kontroverse um die Einzigartigkeit der nazionalsozialistischen Judenvernichtung, Munich: Piper, 1987, s.118.

شتێکی سەربەخۆ ناونابات و بەڵکو هەمیشە خەیاڵی لای جووی کوردە، لە لایەکەوە کەمێک لە تاقانەیبوونی کێشەی جوو دادەماڵێت و لە لاکەی دیکەوە، لە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی ئیسرائیل دووردەکەوێتەوە بەوەدا کە تەنانەت ناڕاستەوخۆ زایۆنیستەکانیش بە بەشدار لەسەر کێشەی جوو دەبینێت، ئەم خاڵە پێشکەوتووخوازە کە سەرجەمی فەیلەسوف و بیرمەند و هونەرمەند و ڕۆماننووس و نووسەرانی جوو لە سەرەتای سەدەی بیستدا بەشدار بوون و هەرگیز باوەڕیان بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل نەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەیان بوونە قوربانی. مەرگی بنیامین لە ٢٧ی سێپتێمبەری ١٩٤٠ لە پەڕینەوەیدا بۆ ئیسپانیا لە فەڕەنساوە، لە کاتێکدا چەندین جار زانکۆی ئۆرشەلیم بانگهێشتی کردبوو وەک پرۆفیسۆر، نیشانەی ئەو خاڵە گەردوونییە هاوبەشەی نێو جوو شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوخوازەکانە کە میران ئەبرهامیش خۆی لەگەڵ ئەو نەریتە دەوڵەمەندەدا گرێدەداتەوە.

٣

## جەنگی نێوان مێژوو و یادەوەری:

ئەوەی وایکردووە پرسی جوو ببێتە پرسێکی هەم تاقانە و هەم کاریگەر و هەروەها ببێتە تێمای ملیۆنان نووسین و ڕۆمان و فیلم و بەرهەمی مێژوویی، بریتییە لە گەشەی «کولتووری یادەوەریی جوو» (Jüdische Erinnerungskultur): هەرکە یادەوەریی جوو چووە نێو مەیدان و دیمەنی گشتییەوە، بە تایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستی ماوەکورتدا. زۆر هۆکار بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بابەتە، لەوانە، مێژووی زارەکی، ئەرشیفە دەنگییەکان و هتد. لەسەر ئەو بنەمایەش نەریتەکانی دیکەی گێرانەوە و پیشاندان سەریان هەڵدا: فیلم و ڕۆمان. لە ڕاستیدا ئەوە یادەوەرییە ***وادەکات*** مێژوو ببێتە شتێکی تاقانە نەک بە پێچەوانەوە. لەو شوێنەدا کە مێژوونووسان تەنها یەک هەنگاو لە پرۆسە یان وردەکاریی ناو ئاڵۆزییەک دەبینن، ئەوا شایەتحاڵی لەڕێگای یادەوەرییەوە وێنەکە دەگۆڕێت، دەتوانێت ڕووداوێکی ئێجگار گرنگ ببینێت کە بە شێوەیەکی بێ پێشینە و بێ وێنە سەرتاپای ژیانی گۆڕیوە. ئەگەر سەیری وێنە فۆتۆگرافییەکانی قڕکردنی جوو لە کەمپەکان بکەین ئەوا مێژوونووس لەو وێنانەدا دەتوانێت خەریکی کردنەوەی کۆد، شیکاریی و ڕوونکردنەوەیان بێت کە لە کەمپی ئاوشڤیتزەوە ماونەتەوە؛ مێژوونووسان دەزانن ئەو خەڵکانەی کۆکراونەتەوە و سواری قیتارەکان کراون جوولەکان و یونیفۆرمەکانیش سەربازە نازییەکانن وا سەیریان دەکەن. بەڵام لای یادەوەریی

وێنەکان شتێکی زۆر زیاتر لەمە دەڵێن: وێنەکان بۆ یادەوەری ئامرازی هەستکردنیان هەیە، سۆز و هەستیان هەیە، دەنگیان دێت، بۆنیان دێت، ترسیان لێدەبارێت. بە کورتی وێنەیەک لای یادەوەری بانگەواز بۆ سەیرکردن و ڕوانینێکی سەرتاپا تاقانەی ڕووداوەکان دەکات کە مێژوونووسان هەرگیز ناتوانن بەو ئاسانییە ببینن. وێنەی جووەیەکی ناو ئاوشڤیتز لە چاوی مێژوونووسەوە قوربانییەکی بێناوە؛ بەڵام بۆ ئەوانەی ماونەتەوە، ئازاریان چەشتووە، ئەزموونیان کردووە، ئەندامانی بەجێماوی ناو وێنەکە، هاوڕێیانی قوربانییەکە و هتد، جیهانێکی بە موتڵەقیی تاقانە و جیاواز بەبیر دەهێنێتەوە کە مێژوونووس نایبینێت. بەڵام هەروەها بۆ چاودێر و شایەتحاڵێکی دەرەکیی (بۆ نموونە میران ئەبراهام) کە لەڕێگای وێنەکانەوە ئەزموونی قوربانیان دەکات، وەک زیگفرید کراکاوەر باسی دەکات، ئەم وێنەیە تەنها واقیعییەتێکی «نارزگارکراو» (unerlöst) پیشان دەدات کە دەبێت ڕزگار بکرێت و حەقی قوربانیان و بێناوان بدرێت[٤]. ڕۆماننووس وەک چاودێرێکی دەرەکی و ئەزموونکردوو لە ڕێگای میدیۆمی مێژووەوە، ئەو ئەرکە تەواو دەکات کە مێژوونووس ناتوانێت ئەنجامی بدات.

ڕۆماننووس بە گەڕانەوە بۆ دۆکۆمێنتە مێژووییەکان، دووبارە لە ڕێگای یادەوەرییەوە کێشەی جووەکانی سلێمانی هەڵدەداتەوە. هەموو ئەمانە وادەکەن یادوەریی جوو بەسەرجەمی لە زەین و هەستی ئێمەدا دروست ببن. مێژوونووسان ناتوانن ئەم یادەوەرییە فەرامۆش بکەن. ئەوان دەبێت ڕێزی بگرن؛ ئەوان دەبێت بە ڕادەیەکی فراوان شی بکەنەوە و لێشی تێبگەن. ئەوان ناتوانن و مافی ئەوەیان نییە ئەم وێنە نکوڵی لێنەکراوە، تاقانە ڕەوایەی یادەوەری ببەنە نێو گێڕانەوەیەکی نۆرماتیڤەوە لە ڕێگای نووسینەوەی مێژووەوە. ئەرکی مێژوونووسان بەشداریکردنە لەگەڵ ئەزموونی ژیانکردووی قوربانیان و بردنی بۆ نێو سیاقی گشتیی مێژووییەوە. ئەمە واتا فێربوون لە یادەوەرییەوە، بەڵام هەروەها نەک بە تەواوی خۆتەسلیمکردن پێی، بەڵکو پاڵاوتنیشی. لە یادەوەریدا وێنەیەک بە موتڵەقی دەکرێت تاقانە بێت؛ لە مێژوودا تاقانەییبوون هەمیشە ڕێژەییە. لای سالار و سارا و خایم ئەزموونی جووەکانی سلێمانی بە شێوەیەکی مەترسیدار تاقانەیە، کە چاودێرێکی دەرەکی (ڕۆماننووس، هەڵبەت لێرەدا دەرەکیبوون بە مانای بێلایەنبوون نایەت بەڵکو ئەبراهام خۆی لەناو نەریتەکەدایە) لە ڕێگای فیکشنەلایزکردنی یادەوەرییەوە دەتوانێت لێی تێبگات، بەڵام لای مێژوونووسێکی سەردەمی شێخ مەحمود و ڕاپەڕینەکانی سلێمانی، ئەوەی بەهای نەبێت ئەم وێنەی یادەوەرییەیە. لای

[٤] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم پرسە بگەڕێنەوە بۆ بەشی کۆتایی کتێبەکەم بەناوی: پێشڕەو محەمەد: لە کۆدگۆڕینی کانتەوە بۆ تیۆری فیلم: دەروازەیەک بۆ فێنۆمێنۆلۆژیی ماتریالیستیی زیگفرید کراکاوەر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢٠ (لەژێر چاپدا، لە لەم مانگەدا چاپ دەبێت).

جوویەکی سلێمانی، دەرکردنی جووەکان، لە مرۆڤ داماڵینیان، لە ماڵ و موڵک خستنیان و، بێ بەهاکردنیان (و پێشتریش بۆ چەندین دەیە کورتکردنەوەیان بۆ بکەرێکی ئابووریی ڕووت) شتێکە مێژوونووس ناتوانێت هەم لێی تێبگات و هەم وەفاشی بۆی هەبێت، ئینجا ئەگەر ئەو مێژوونووسە خۆی بەشێک بێت لە ئاگری شەڕی دژ بەو خەڵکە. لەبەر ئەوەیە لە کوردستاندا تا ئێستا هیچ مێژوونووسێک نەیتوانیوە کتێبێکی باش دەربارەی پرسی جوو بنووسێت: هەم بەهۆی ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد و هەم بەهۆی بەرژەوەندییە چینایەتیی، سیاسیی، کولتووریی و ئایینییەکانەوە. لەبەر ئەوە ڕۆمانەکەی میران ئەبراهام دەبێتە بەرهەمێکی تاقانە لەناو ئەم نەریتەدا کە بە دەوری جەنگی نێوان مێژوو و یادەوەریدا دەخولێتەوە.

خاڵێکی دیکە پێویستە لە پەیوەندیدا بە ڕۆمانەکەوە باسی بکەم، ئەوەیە کە ئەبراهام دەرگای «بەکارهێنانی گشتیی مێژوو و یادەوەری» دەکاتەوە. بەڵام هاوکات ئەوەی جێگای سەرنجێکی گرنگە لەو ڕۆمانەدا، ئەبراهام خەریکی بەئایینکردنی یادەوەریی جوو نەبووە، ئەو شتەی بە گشتی لە زۆربەی گێرانەوە مێژووییەکاندا ڕوودەدات. بە ئاسانی هەم دەوڵەتی ئیسرائیل ڕەخنە دەکات و هەمیش کارەکتەر و بکەرەکانی لە نەریتی زایۆنیزم جیا دەکاتەوە. ***ئارنۆ مایەری*** مێژوونووسی مارکسیستی بە ئەسڵ جوو باسی لە کولت و ڕێوڕەسمێکی ئایینیانەی پەرستنی یادەوەریی جووەکان لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە کردووە کە بووە بە ئامرازێک هەم بۆ خیانەتکردن لە قوربانیان و هەم بۆ بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی جەنگخوازیی. کەواتە «ئەو ڕووداونووسەی ڕووداوەکان بەبێ جیاکردنەوەی نێوان شتی گەورە و بچووک لە یەکتری، دەنووسێتەوە، دەتوانێت لە حەقیقەت تێبگات: هەموو ئەوەی ڕوودەدات، هیچ شتێکی نابێت بۆ مێژوو وەک شتێکی لەدەستچوو لەقەڵەم بدرێت. بێگومان تەنها مرۆڤایەتییەکی ڕزگاربوو دەتوانێت ببێتە خاوەنی ڕابردووی سەرکوتکراو» (واڵتەر بنیامین).

یەکێک لە یادەوەرییە زۆر زیندووەکانی نەریتی جوو کە هەم لە پاسیڤیزم و ناچالاکیی جیای دەکاتەوە و هەمیش کاردانەوەیەکە بە ڕووی زوڵم و ستەمدا، خۆکوژییە لە دۆخە سەپێنراوەکاندا. نموونەی خۆکوژیی ماتانی پەیکەرتاش بە قارچکی دومەڵان خۆکوژییەکی هونەری بەڵام ڕادیکاڵە بە دژی ئەو هەموو بارە قورسەی لەسەر شانی جوو بارکراوە، ئەو کەسە لەڕ و لاوازەی لەژێر ئاسمانێکدا وەستاوە کە هەموو شتەکانی گۆڕاوە هەورە چڵکنەکان نەبێت، واتا هەموو سیستەمی دام و دەزگایی و وەک ئەبراهام باسی دەکات جامانە و مەندیلی گۆڕاوە و بووە بە قات و ڕیبات، بەڵام عەقڵییەتە ڕەشەکەی ماوەتەوە. حەز دەکەم خۆکوژیی ماتانی پەیکەرتاش بەراورد بکەم بە خۆکوژیی شەموێل زیگیلبۆیم، لە ١٩٤٣ کە بەجێماوێکی

یاخیبوونی گیتۆی وارشـــۆ بوو و پاشـــان ببوو بە نوێنەری حکومەتی پۆڵەندا لە تاراوگە، ئەو ڕاپەڕینەی کەم لە مێژوودا بـاســـکراوە، بەڵام گەورەترین ڕاپەڕینی ٥٠٠ جووە بە دژی سوپایەکی ملیۆنی نازییەکان. زیگیلبۆیم لە دوا نامەی خۆکوژییەکەیدا دەنووسێت:

*«چیتر ناتوانم بێدەنگ بمێنمەوە. چیتر ناتوانم بژیم کاتێک خەڵکی جوو لە پۆڵەندا کە من نوێنەریانم، بە قورسیی و بە ئاگر و ئاسن قەتڵ و عام دەکرێن. هاوڕێکانم لە گیتۆی وارشـــۆ لە دوایین خەباتی پاڵەوانانەدا بە چەکەکانی ناو دەســـتیان بەر زەوی کەوتن. بەختی ئەوەم نەبوو وەک ئەوان بمرم و لەگەڵ ئەوان بمرم. بەڵام من سـەر بە ئەوانم و ســـەر بە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەوانم. بە مەرگی خۆم ئارەزووی دەربڕینی بەهێزترین نارەزایەتیی دژی ئەو بێباکیی و خەمساردییەی جیهان سەبارەت بە کوشتاری جووەکان دەکەم».*[٥]

بێگومان خۆکوژیی ماتان وێنەیەک لە زەینماندا دروســـت دەکات، کە ڕیشـــەی لەنێو واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ســـیاســـییماندا هەیە: هەم بێهەســـتیی و بێباکیی خەڵک و بوون بە بینەری ناچالاک و هەم بەشدارییان لە قەتڵ و عامی جووەکاندا. یادەوەرییەکەی ماتان و نامەی خۆکوژییەکەی زیگیلبۆیم لە جیهانێکدا کە ئێســـتا تێیدا دەژین، بەردەوام دەبن لە ڕاوکردنمان. کاتێک لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا ئارۆن لەبەر خۆیەوە دەڵێت: «دەبێت ئێمە شـــتێک... ئێتر مەبەســـتم لە هیوایەکە تاوەکو لە پێناویدا بژین، ئەگینا هەموومان وەکو ســـارا و مەحموود بەرامبەر بە ژیـان ڕەشـــبین دەبین». ئەم دێرانە مەرگی داهێنەرانەی مـاتـان و نـامەکەی زیگیلبۆیمیان ڕاستەوخۆ بە زەینمدا هێنا کە دەبێت بۆ تێگەیشتن و هەڵدانەوەی ڕابردوو هەمیشە ڕەشـــبین بین، بەڵام ئیرادەیەکی گەشـــبینمان هەبێت، ئەمەش ئەو دێڕانەن هەموو خۆکوژیی و هیواکان بە ڕزگاربوونی مرۆڤایەتییەکەوە دەبەســـتنەوە بتوانێت وەفای بۆ ڕابردووی قوربانیان هەبێت.

[5] Gutman, Yisrael, The Jews of Warsaw 1939–1943: Ghetto, Underground, Revolt, Brighton: Harvester Press, 1982, p.363.

## ٤

## مارکسیزم و جوو

سەرجەمی ڕۆمانەکە جەخت لەسەر مارکسیستبوونی کارەکتەرە سەرەکییەکانی دەکاتەوە، هەم لە نیشانە و ناوهێناندا هەم لە خەبات لە پێناوی چەوساوان و قوربانیاندا، هەم لە هەوڵی خایم بۆ زیندووکردنەوەی پارتی خەڵتووز و دامەزراندنەوەی لەسەر بنەمای ئەنتەرناسیۆنالیزم و هەم لە بە کۆمۆنیستزانینی سالار و هەروەها پەیوەندییکردنی بە کۆمەڵەشەوە. خایم کە بە گەنجی لە بەغدا دەبێت، سەردانی کتێبخانەیەک دەکات و دواجار خاوەنی کتێبخانەکە کتێبی سەرمایەی مارکسی پێ دەدات کە ڕۆماننووس بە عەرەبی بە «راس المال» ناوی دەبات، واتا ناوونیشانە عەرەبییەکە. هۆکار چییە جوو و مارکسیزم هەمیشە یەک شت بن تا سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسرائیل یان ئەوەی ئێنزۆ تراڤێرسۆی فەیلەسوف و مێژوونووسی جووی ئیتاڵی، سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسرائیل بە «کۆتایی مۆدێرنیتەی جوو» ناودەبات؟

پێشتر باسمان لەوە کرد کە لە ئەوروپا جوو کورتکرابووەوە بۆ بکەرێکی ئابووری، هەمیشە سەرکوت دەکرا، لە کوردستان موسڵمانەکان و لە جیهانی مەسیحیشدا کڵێسا و مەسیحییەکان. ئایدیای کۆمۆنیزم کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە وەک منداڵێکی ڕادیکاڵی ڕۆشنگەریی سەرهەڵدەدات و لای مارکس هەم ڕەهەندی شۆڕشگێڕیی و زانستیی و هەم ئەنتەرناسیۆنالیی وەردەگرێت، سەرنجی زۆرینەی جولەکانی دونیا بە تایبەت ئەوروپا بۆخۆی ڕادەکێشێت. ئەوەشمان لە بیر بێت کە مارکس خۆی جوو بوو، هەروەها ڕابەر و فەیلەسوفە دیارەکانی دواتریش هەر جوو بوون: ترۆتسکی، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، واڵتەر بنیامین، زیگفرید کراکاوەر، گونتەر ئەندەرس، و هتد. لە مارکسەوە تا بنیامین دەیانویست گەردوونگەرایی ڕۆشنگەریی بگۆڕن بۆ ئەنتەرناسیۆنالیزمی سۆسیالیستی و ڕزگاریی مرۆیی ببەستنەوە بە خەباتی قوربانیان لە پێناوی ڕزگاریدا. ئەوەی لینین پێی دەگوت فیستیڤاڵی سەرکوتکراوان و بنیامین پێی دەگوت کەرنەڤاڵی شکستخواردوان[٦]. جوو ڕزگاریی خۆی لە مارکسیزمدا دەبینییەوە، ئەمەش وایکردبوو سەرجەمی کولتووری شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوخوازی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، لەسەر دەستی جوو دابمەزرێت. ڕزگاربوون و یۆتۆپیای جیهانێکی نوێ خەونی جووە سۆسیالیست و پێکهێنەری بیری لیبەرتاریانی جووی ئەورووپای ناوەندی

---

[٦] بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەم: پێشڕەو محەمەد: کەرنەڤاڵی شکستخواردوان: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژووی واڵتەر بنیامین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢٠.

بوو. لەخۆوە نەبوو بنیامین دەیگوت: «لەســـەر ئەم گۆی زەوییە، کەســـانێك چاوەڕوانیی ئێمە بوون». مەبەستی بنیامین سەرهەڵدانی خەونی یۆتۆپیی و ڕزگاریخوازانەی سۆسیالیزم بوو.

چەمکی کولتووری جووی ئەڵمانی زمان، ئاماژەیە بەو ســـەردەمە زێڕینەی لەگەڵ هاینریش هاینە، مارکس، فرۆید، کافکا، ئێرنســـت بلۆخ، واڵتەر بنیامین، کراکاوەر و ســـەدان ناوی دیکە دەست پێ دەکات، کە نازیزم بۆ ئەبەد لەسەر سەکۆی مێژوو سڕییەوە. ئەگەرچی کوشتاری ســـتالین و هیتلەر بە هیچ شـــێوەیەک قابیلی بەراورد نین، چونکە هی هیتلەر لەســـەر بنەمای قڕکردنی ســـەرتاپای گرێپێکی مرۆیی دامەزراوە، بەڵام کوشـــتاری ســـتالین زیاتر بۆ نەیارانی سیاسی بوون بەبێ هەبوونی فاشیزم، بەڵام ستالین و هیتلەر پەیوەندیی مارکسیزم و جوویان ترازاند، هیتلەر بە قڕکردنی جوو و دەرپەڕاندنی هەموو پێکهێنەرەکانی کولتووری مرۆیی و ستالین بە کوشتنی ڕابەرە دیارەکانی مارکسیزم کە ئەوانیش خۆیەخۆ جوو بوون.

مارکسیزم باجی نیوەشەوی پڕ لە کوشتار و تۆتالیتاریزمی سەرکوتکارانەی ستالینیزمی داوە و ئێستاش لەژێر بارە قورسەکەیدا دەناڵێنێت، بە کورتی ستالین خەونی مارکس و مارکسیزمی کردە تارمایی و ترس و تۆقین، هیتلەر ڕەگەزێکی سەرتاپای مرۆیی قڕکرد.

ڕۆمانەکەی میران ئەبراهام لەســـەر ئەو هێڵی خەونە یۆتۆپییەی ڕزگاری و پەیوەندی بەناویەکداچووی مارکســـیزم و جوودا دەڕوات، کارێک کە ئەبراهام هێندە بە جوانی ئەنجامی داوە لە نەریتی نووسینی کوردیدا تاقانەیی خۆی وەرگرتووە. بەرەی ڕۆشنبیرانی لیبراڵ هەم لە پرسی جوو خۆیان بە دوور گرتووە و هەمیشـــە سێرەیان لە بیری مارکسیزم گرتووە و بە داخیشـــەوە بەرەی ڕۆشـــنبیرانی چەپ لە کوردســـتان هێندە لاواز بووە توانای ناسینەوەی ئەم پەیوەندییە بنچینەییەی نەبووە. ئێســـتا کاتی ئەوەیە هەردوو بەرەکە ئاوڕ لەم خاڵە بنچینەییە بدەنەوە.

## ٥

## پۆگرۆم، زەمەنی ئێستا، ئەلیگۆریی ڕۆشنبیران

پێدەچێت هەمووتان بزانن پۆگرۆم چییە. بە حەرفی بە مانای کوشتاری بەکۆمەڵ، قەلاچۆکردن و هتد دێت. ئەم وشـەیەش بۆ یەکەمجار لە پەیوەندیدا بە هێرشـێکی نازییەکان بۆ سـەر بازاڕ و موڵک وماڵی جوو لە ٩-١٠ی نۆڤەمبەری ١٩٣٨ بەکارهاتووە، و ئەو هێرشـە بە «کریستاڵ

ناخت» (Kristallnacht) ناسراوە کە دەکرێت بە «شەوی شووشە شکاوەکان» ( Night of Broken Glass) وەربگێڕدرێت و لە زۆر شوێن و سەرچاوەی دیکەش بە «قەڵاچۆکانی نۆڤەمبەر» ناو دەبرێت. قەڵاچۆکردنێک بوو سوپای میلیشیای ئێس ئەی نازییەکان لە دژی خەڵکانی مەدەنیی جوو لە سەرتاسەری ئەڵمانیا ئەنجامیان دا. ناوی «شەوی کریستاڵی» لەوەوە هاتووە کە تیشکدانەوەی شووشە و جامە شکێنراوەکانی ماڵ و دوکانەکانی جوو ئەڵمانییەکان، باڵەخانەکان و سیناگۆکەکان (میران ئەبراهام بە کنێسەت ناوی دەبات) بە جۆرێک تێکشکێنران کە شەو لە شەوێکی کریستاڵی شووشەیی دەکرد. میران ئەبراهام تەریب لەگەڵ ئەم ڕووداوانە پۆگرۆمی سەر جووەکانی عێراق و کوردستان لە وێنەیەکی فیکشناڵی وەها جواندا دەگێڕێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و نووسەرانی ئەو کات و کاربەدەستان ئاشکرا دەکات.

بێگومان هیچ قەڵاچۆکردنێک بەبێ پشتیوانی کۆمەڵگا بوونی نییە، ئەگەرچی ناتوانین سەرجەمی کۆمەڵگا تۆمەتبار بکەین، وەک میران ئەبراهامیش لە پەیوەندیی نێوان خەباتگێڕان و هاوڕێیانی سالار هەمان کار ئەنجام دەدات، واتا گەشبینیی ویست و ئیرادە و خەونی شۆڕشگێڕان کە دواتر دەبنە قوربانیی خەبات، بەڵام ناشتوانین هاوکات بێدەنگی، پشتیوانیی و پاڵپشتیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کۆمەڵگا و نووسەران و هونەرمەندان و ئەکادیمیان لە پۆگرۆمەکان لەبیر بکەین. ئەوەی میران ئەبراهام لە زۆر ڕۆماننووسی دیکە جیادەکاتەوە، ڕاشکاویی، ڕاستگۆیی و جورئەتییەتی بەرانبەر بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگا. بێگومان بەبێ وشیاریی دەستەجەمعیی خەڵکی سلێمانی و چاندنی تۆوی ڕق و کینە بەرانبەر بە جووەکان کە تا سەردەمی ئێمەش مابووەوە، پۆگرۆم و قەڵاچۆکردنەکان ئاسان نەدەبوون. لەلایەکی دیکەوە، ڕۆمانەکەی ئەبراهام تۆڵەکردنەوەیەک نییە لە ڕابردووی خەڵکی سلێمانی، چونکە بەشێک لە ڕەگەز و کارەکتەرە شۆڕشگێڕەکانیش زەق دەکاتەوە.

پێویستە ئەم ڕۆمانەی ئەبراهام وەک ڕۆمانێکی مێژوویی نەخوێنرێتەوە، ئینجا ئەگەر خۆشی ئەم مەبەستەی هەبێت، وەک لە چاوپێکەوتنێکدا (ئەگەر دروست بیرم مابێت) باسی دەکات، بەڵکو وەک قومبەلەیەک بۆ نیو زەمەنی ئێستا بخوێنرێتەوە. چەمکی ئەلیگۆریی، یاخود تەمسیل کە واڵتەر بنیامین لە کتێبی «سەرچاوەی درامای ماتەمی ئەڵمانی» بۆ درامای بارۆکی ئەڵمانیی سەدەی شانزە و حەڤدە بە کاری هێناوە، کۆمەکمان پێ دەکات ئەم ڕۆمانەی میران لەمێژوویبوون ڕزگار بکەین. سەرەتا با بپرسین ڕۆمانی مێژوویی چییە و کێشەکانی چین؟

یەکەم کەس لە مێژووی نەریتی مارکسیستیدا بە قوڵی پرسی ڕۆمانی مێژوویی کردەوە گیۆرگ لۆکاچ بوو کە کتێبێکی بە هەمان ناو نووسـی[٧]. لۆکاچ پێیوایە فۆرمی کلاسیکی ڕۆمانی مێژوویی پیشـاندان و نواندوەیەکی حەماسیی گۆڕان و وەرچەرخانێکی ژیانی جەماوەرییە لە ڕێگای دانانی زنجیرەیەک لە تایپە مرۆییە نوێنەرایەتییەکانەوە کە ژیانیان لە ڕێگای هێزە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبێت. فیگور و کارەکتەرە بەناوبانگە مێژووییەکان لەنێو کەسـایەتییە دراماییەکاندا خەسـڵەتێکی بنچینەیی وەردەگرن بەڵام لە هەموو ئان و سـاتێکدا ڕۆڵیان لە حیکایەتدا پەراوێزییە. لە بەرانبەردا گێڕانەوەکان تەرکیزی سـەرەکی دەخەنە سـەر کارەکتەرە مامناوەندییەکان، بەبێ هەبوونی جیاکەرەوەیەکی گەورە کە ئەرک و وەزیفەیان بە دەسـتەوەدانی تەرکیزێکی تاکەکەسـییە بۆ پێکدادانی دراماتیکی بەرە ئێکسـتریم و پەرگیرە دژەکانی نێوان ئەوانەی ئەون نوێنەرایەتیی دەکەن و ئەوانەی بە گشتی لە هەڵبەز و دابەز دان. کەواتە ڕۆمانەکانی واڵتەر سـکۆت خستنەڕووی پێکدادانی تراژیدیایەکی نێوان فۆرمە کەوتوو و هەڵکشاوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین، بە ڕوانگە و خەونێکی ڕابردووەوە شانازیی بە دۆڕاوان دەبەخشـێت، بەڵام هاوکات زەروورەتی مێژوویی براوەکان دەپارێزێت. ڕۆمانی مێژوویی کلاسیکی تەئیدکردنێکی پێشکەوتنی مرۆییە لەنێو و لە ڕێگای ئەو ململانێیانەوە کە کۆمەڵگاکان و تاکەکانی ناوی دابەش دەکات.

کەواتە بەگوێرەی لۆکاچ بێت، ڕۆمانی مێژوویی بریتی نییە لە ژانرێکی تایبەت و دیاریکراو یان نیمچەژانرێکی ڕۆمان. بەڵکو، بە سادەیی ڕچەشکێن یان پێشەنگێکی ڕۆمانی گەورەتری ڕیالیسـتی سـەدەی نۆزدەیە. نەوەیەک دواتر، بۆ نموونە، **ئۆنۆرە دو بەلزاک**، بە شـێوەیەکی بنچینەیی تەکنیک و ڕوانگە و بینینی واڵتەر سـکۆتی بۆ جیهان هەڵگرتەوە تا لە بری پیشـاندان و نواندنەوەی ڕابردوو، مامەڵە لەگەڵ فەرەنسـای سـەردەمی گەڕانەوەی نەزم یان پاشـایەتیی تەمموز (١٨١٤-١٨٤٨) بە هەمان ئەو شـێوەیە بکات کە سـکۆت لای خۆیەوە لە ڕێگای تەکنیکی مێژووییەوە دەستی کردبوو بە نواندنەوەی سـکۆتلەندای ناوەڕاسـتی سـەدەی ١٨ یان بریتانیای سەدەی ١٢. لای لۆکاچ، گەورەترین جێگرەوەی بەلزاک، تۆلستۆی بوو، کە ڕۆمانی ***جەنگ و ئاشـتیی*** نواندنەوە و پیشـاندانی لوتکەی هاوشـێوەیی ڕۆمانی مێژوویی و ڕیالیسـتیی سـەدەی نۆزدەیە. لە لایەکی دیکەوە، لە وڵاتە زۆر پێشـکەوتووترەکان بەراورد بە ڕووسـیا، گەشـەسەندنی سەرمایەداریی لەو کاتەدا کە پێشتر لە لایەن چینی کرێکاری شۆڕشگێڕەوە دژی

[7] Georg Lukacs, The Historical Novel, translated by Hannah Mitchell and Stanley Mitchell with an introduction by Fredric Jameson, University of Nebraska Press,1983.

بۆرژوازی دەستی پێ کردبوو، چیتر باوەڕی بەوە نەبوو داهاتوو لەناوەوەی ڕابردووەوە لەدایک دەبێت و ئەو چینە دەیویست هەر جۆرە نیشانەیەکی ئەم جۆرە نواندنەوەیە لەناو بەرێت.

لەم ڕوانگەیەوە و لە ڕێگای چەمکی ئەلیگۆریی و زەمەنی ئێستاوە دەتوانین ڕۆمانی «نیشتمانی سارا» وەک ڕادیکالیزەکردنی یادەوەری ببینین تا ڕۆمانێکی مێژوویی. ڕاستە لەوێدا کە باسی قەلاچۆی سەر جووەکان دەکات و لە گفتوگۆی نێوان سارا و سالار و ساباتدا باس لە شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەمە وەک گۆران و ئەحمەد هەردی و ئەوانی دیکە دەکات کە لەناو دڵی کارەساتدا ئەم ڕووداوانە هیچ کاریگەریی لەسەر هەست و نەستیان دانانێت و باسی شیعر و دڵداریی و دڵ و تیر دەکەن، ئەمەش ڕاستە کە ئەو سەردەمەی هیتلەر پەلاماری جووەکان دەدات دەیان بیرمەند و فەیلەسوفی وەک مارتین هایدیگەر ستایشی هیتلەر دەکەن و بە بالایدا هەلدەلێن، بەلام هاوکات ئەم ڕووداوانە دەکرێت قەیرانەکانی سەردەمی ئێستاشمان پێبلێن.

بۆ نموونە کاتێک لە ١٩٩٤دا بەکر عەلی شاعیر تیرۆر دەکرێت، کۆمەلێک ڕۆشنبیر و نووسەری درێژکراوەی هەمان ئەو شاعیرانەی ئەبراهام ناویان دەبات، هاوشانی بکوژانی بەکر عەلی باسی مارتین هایدیگەر و فۆکۆ و شیعر و شانامە دەکەن، کاتێک سالی ٢٠٠٠ هێرش دەکرێتە سەر پێنج پێشمەرگەی کۆمۆنیست لە سلێمانی و تیرۆر دەکرێن، هەمان ئەو ڕۆشنبیرانە و نەریتەکانیان لە هۆلە داخراوەکان و گۆڤارەکاندا باسی شیعری دلداری و فەلسەفەی نیچە و هایدیگەر و فوکۆ دەکەنەوە. سالی ٢٠١١ لە گەرمەی ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات هەمان ئەو ڕەوتە کاتێک دەیان گەنج تیرۆر دەکرێن و لەسەر شەقامەکان شەقیان بەردەکەوێت، لە هۆلە داخراوەکاندا باسی نیچە و هایدیگەر و فوکۆ دەکەنەوە و ڕۆژگار دێت و دەڕوات و لەم ڕۆژانە دەردەکەونەوە، گالتە بە خەونە بەدینەهاتووەکانی ئەو گەنجە قوربانیانە دەکەن و تەنانەت یەکێک لە ڕۆشنبیران بە «بیجامەلەپێ» ناویان دەبات.

چەمکی ئەلیگۆریی ئەو شتەیە دەتوانێت هەم ڕۆمانەکەی میران ئەبراهام لە مێژووییبوونەوە بکات بە یادەوەریی ڕادیکال و هەمیش فیگورە مێژووییەکان بە ئاسانی وەربگێڕدرێنە سەر فیگورەکانی ئەمڕۆ. وەک والتەر بنیامین دەیگوت داهاتوو بۆ بێناوانە و پاراستنی یادەوەرییان، گەورەترین شۆڕشە ئەم نەوەیە ئەنجامی بدات. ڕۆمانی «نیشتمانی سارا» بەشدارییە لەم نەریتەدا.